


(١-٥)

د. نزار عیسمەت
چارەسەرکاری دەروونی
دهۆک

# گەشەکردنی سۆزەکانی منداڵ

**سۆزەکان:** ئەو هەستانەن کە لە ناخماندا، ئەشێت خۆشی بن، یان نەخۆشی، باش یان خراپ، ئیجابی یان سەلبی.
منداڵ بە ئاسانی ئەتوانێت حاڵەتە جەستەییەکانی بەرجەستەبکات، وەک ئەوەی جێیەکی بێشێت، یان ئەگەر نارەحەت بێت، بەڵام زەحمەتە منداڵ بتوانێت وەسفی حاڵەتە سۆزدارییەکانی خۆی بکات.. هەروەها زەحمەتیشە بزانێت هۆی ئەو حاڵەتانە چین؟
ئەوانەی خوارەوە چەند نموونەیەکن بۆ سۆزە سەلبی و ئیجابییەکان.

**سۆزە ئیجابییەکان:**

١- قەناعەت
٢- تامەزرۆکردن
٣- خۆشی
٤- چێژ
٥- خۆشەویستی
٦- شادی
٧- وروژان
٨- کەیفکردن
٩- فزوڵی.

**سۆزە سەلبییەکان:**

١- سەبرنەگرتن
٢- دڵنیانەبوون
٣- تووڕەیی
٤- دڵەڕاوکێ
٥- هەستکردن بەخەتا
٦- گومان
٧- ترس
٨- خەمۆکی
٩- رق لێبوونەوە

ئەرکی باوکان و دایکان ئەوەیە منداڵێکی هاوسەنگ لەلایەنی سۆزدارییەوە پێ بگەیەنن، بەشێوەیەک لە شێوەکاندا بتوانێت گرفتەکانی خۆی چارەبکات و بتوانێت تێکەڵی منداڵان بێت و رەچاوی خەڵکی بکات و بتوانێت بڕیارە تایبەتییەکانیشی بدات.